# پێشەكییەك بۆ (چوارشەممەیەك دەمكوژێ) ی
# بێكەس حەمە قادر

زانا خەلیل
4/1/2006 هەولێر

## دەستپێك

-1-

تێكستي بەرهەمهێنراو و پەیوەندي بە خودي بەرهەمهێنەر

مەرج نییە هەموو جارێك راستبێ، كە گرێبەستێك لەنێواني تێكستي بەرهەمهێنراو و كەسي بەرهەمهێنەردا هەبێ.. هەروەها هەموو جارێكیش هەڵە نییە كە پەیوەندییەكي رەگاژۆیي و گرێبەندێك لە چەند رووێكەوە لەنێوان تێكست و بەرهەمهێنەردا هەبێ..

بەر لەوەي تیشك بخەینە سەر ئەتمۆسفێري گشتي ئەو تێكستانەي كەوا "بێكەس حەمەد قادر"ي شاعیر لە ماوەي دە ساڵدا بەرهەمي هێناون، من زۆریي بەهەمە شیعریيەكاني "ئەو"م هاتە بەر نیگا.. دیارە لێرەدا هەڵە نیە كە بڵێین: "عەشق، داو بەهێزي نێواني تێكست و تێكست نووسە".. یان دەتوانین بڵێین: " بەرهەمهێناني شیعریي، بەو نەزیفیەوە، پەیوەستە بە عەشقي شاعیر بۆ شیعر"

بێگومان زۆري بەرهەم پێوەرو تێمپراتۆر نییە، بۆ زیندوویي و گەرمیي دەق و بە پێچەوانەوەشەوە، بەلاَم میزانێکي تەواوە بۆ کێشاني بەهرەو دانەبڕان لەو خۆشەویستیەي کە شاعیر بۆ شیعر هەیەتي.. بۆیە بەر لە کردنەوەي دەروازەي "چوارشەممەیەك دەمکوژێ" و چوونە نێو ئەتمۆسفێرە گشتییەکەي، دەمەوێ بە سانایي بڵێم: "بێکەس رۆحي خۆي داوەتە شیعر، هەر بۆیەش ئەو دەساڵە بەبێ دابڕان بەردەوامە".

-2-

کردنەوەي کتێبي خود

مرۆڤ تێکستێکي داخراوە، ئەو "من"ەي کە بە تەواوي بۆ کردنەوەي خۆي کاردەکا، بەشێوەیەك لە شێوەکان دەیەوێ لە کەنارەکاني داهێنان نزیك بکەوێتەوە.. ئەوەیش کە ناتوانێ لە تەمەندا خۆي بخوێنێتەوەو لە دەرەوەي خۆیي و کردنەوەي رۆح و هەست و دڵەکاني دەرەوەدا کاردەکا، کەسێکي براوە نییە لە داهێنان..

بۆ هەمیشەیي "من" لە "من"ێکي تر جیاترە، ئەگەرچي ئەو جیاوازییە رێژییەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێ، بەلاَم لە کۆتاییدا تۆ بە تەنیا خۆت دەمێنێتەوەو ئەویدیش خۆي.. "من"ي کوردي منێکي ترادتسیۆن دۆستە، لەنێو بازنەکاني عەقڵي خۆڕسکدا کاردەکاو لەدەربڕین و نووسینەوەي هەستي دەستکرد دەبێت..

ئەو تێکستانەي کە بەزیندوویي دەمێننەوە، تێکستانێکن کە "من"ي بوێرو جددي بەرهەمي هێناون، ئەو "من"ەي بوێرانە بەرهەمیان هێناون کە لەنێو کایەکاني رۆح و هەست و دڵي خۆیاندا کاردەکەن و دەست لە شتە پیرۆزو حەرامەکان دەدەن، لە "چوارشەممەیەك دەمکوژێ"دا بە ئاشکرا درك بە کردنەوەي کتێبي شاعیر دەکرێ، لەو دیوانەدا، بە تایبەتیش لە شیعرەکاني کە بۆ "گوڵي من" نووسراون، هەست بەوە

دەكريَ بێكەسي شاعير، بوێرانە بەنێو ئاگرەكاني ترادتسيۆن و شـەرم و بازنـەكاني حـەياو عەقڵدۆسـتێكي تەزوريدا تێدەپەڕيَ و بە سەرخۆشييەكي رەها، جگە لە هەستەكاني خۆي بە بوێريەكەوە حيساب بۆ هـيچ شتێكي تر ناكا..

رۆشنە بۆ نووسينەوەي خود و هەسـتەكاني خـودو جيهـانبيني خـود، پێويـستمان بـە گەشـەو رۆشـنبيري و تەكنيك و شێوازو بەهرەو كۆمەڵيَ شتي تر دەبيَ "كە من نامـەويَ لێـرە باسـيان بكـەم"، بـەلآم ئـەوەي كـە دەبێتە جێگاي تيشك خستنە سەر ئەوەيە كە "بێكەسي شاعير" بوێرە، لەو ديوانەيدا بۆ كردنەوەي تێكستي ئـەزموون و هەسـت و رۆحـي خـۆي، كـە ئـەوەش لايـەنێكي تـەواو پۆزەتيڤـە بـۆ نووسـەر، جـا لـە هـەر شوێنكاتێكي ئەو دنيايەدا بگوزەريَنيَ. تۆ كێي؟ لە كويَ لـە دايكبـووي؟ ئازمـايش و ئـەزموونى تـۆ چـين؟ دۆڕاوي لە عەشق يا بە پێچەوانەوە؟ دەخوازي ئيگۆئيستێكي ئيستەتيكي بيـت؟ يـا كەسـێكي خـەباتكارو لەپێناوي ولآتدا تێبكۆشي؟ بڕوات بە تاكە خودايەك هەيە؟ يا خاوەني كۆمەڵيَ خوداوەنـديت؟ هـەموو ئـەو پرسيارانەو هەزارانيـدي راستەوخۆو نا راستەوخۆ كاريگەريـان دەبيَ لەسەر پێكهێنـاني هەيكـەلي نـاوەوەي خودێك كە ئەوەشيان بەشێوەيەكي هەستيارانە بيَ ياخود لە بێهۆشيدا رەنگدەدەنەوە لەنێو تێكـستدا.. لـە تێكستە شيعريـەكاني كاك بێكەسي شاعيردا بە گوێرەي جيهانبيني خۆي و پێكهاتـە شـيعريـەكەي خـۆي و دوور لە كاريگەريـەكاني ناوەوەي يـەكێكيـتر كتێبي ژيـان و نهێنيـە تايبـەتيـەكاني خـۆي دەنووسـێتەوە، لـەو ديوانەدا هەست بەوە دەكريَ شاعير خۆي دەنووسێتەوە، لەو ديوانەدا هەست بەوە دەكريَ شاعير خۆيـەتي كە وەلآمي ئەو پرسيارانەي سەرەوە دەداتەوە نەك جيهانبيني و مەعريفەو رۆحي يـەكێكيـتر.

بێگوێدانە خوێنەري دووەمي دەق و ترادیتسۆن "ئـەو" رسـتەكاني خـۆي هەڵـدەدا "منـت دۆڕانـد لـەپێناو هەناسەيەكي سارد

كيَ هەيە وەك من نازت هەڵگريَ"

"سەفەرێك هەڵدەبژێری
که هەموو شتێك دەبەیتەوە
تەنها خۆت نەبێ"

یەكێ لەجوانترین نموونەی ئەو جۆرە شیعرانە، شیعری "له دوێنێتدا، ئومێدی بۆ سبەی"ە..
به کورتی دەمەوێ لەو بەشەدا بڵێم: "یەكێ له رەگەزە سەرەكیەكانی تێكستی زیندوو، چاونەترسیە، گوێنەدانە بە بازنەو رێسا كۆن و باوەكانی ناوەوەی، هەروەها ئاشكراكردن و هەڵدانی نهێنیە پەنگخواردووەكانی رۆح و ناخە، دیارە بێكەسی شاعیر یا تێكستەكانی بێكەسی شاعیر لێی بێبەش نین".

-3-

وێنه ــ شەفافیەت

یەكێ له خاسیەته بەرچاوەكانی شیعری هەشتاكان، گۆڕینی وێنەكانە بەشێوەیەكی خێرا لەنێو فیلمی تێكسێكدا.. وێنەكان زوو زوو وەردەچەرخێن و تەركیز بە زۆری لەسەر ریتمی شیعرەكەیەو دەبێ خوێنەر لەگەڵ ئیقاع بڕوا، تا دەگاتە وێنەیەك كە برووسكە ئاسا چێژێكی گەرمی پێدەبەخشێ.. تێكستەكانی نێو دیوانی "چوارشەممەیەك دەمكوژێ" پڕن، لێوان لێون لەو وێنەو رستە خێرایانە كە وەك برووسكە دێن و شوێنێك له یادگەدا تۆمار دەكەن و تێدەپەڕن..
بەڵام ئەوەی كه خۆشبەختانه تێكستەكانی ئەو دیوانه له تێكستی هەشتاكان جیادەكاتەوە، یا وێنەكانی نێو ئەو تێكستانە لەوێنەكانی نێو شیعری هەشتاكان جیادەكاتەوە "شەفافیەته لەدروستكردنی وێنەدا" لە كاتی رۆشنبوونەوەی وێنە شیعریەكاندا "واتا" خۆی رادەپڕووسكێنێ و لەنێو جەستەی دەقە ئیقاعیەكەدا

دەردەچيٚ و چيٚژيٚكي نامۆ دەداتە ئەو كەسانەي كە چيٚژ لەو جۆرە ويٚنانە وەردەگرن.. هەنديٚ لە ويٚنەكاني نيٚو ئەو ديوانەدا لە ريستەيەك تيٚپەڕ ناكەن و ئەوانيديش لەچەند رستەيەك:

"سەيري چراي بەرماٚلتان بكە

رەنگي كامەمان زەردترە؟"

"خوناوي سەر گوٚلەكان بوونەوە هەٚلم"

"شەو دورگەيەكە پڕە لە نهيٚني و لەززەت"

"وەرە لەنيٚو قوولاٚيي ئاسمان

خۆت راچڵەكيٚنەو باسي سۆزم بۆ بكە"

"با لەسەر پەلكە زيٚڕينە راكشيٚين"

"گەليٚ جاران رەنگي تريٚ دەدەي

گەرەكمە جواني رەنگەكەت بكەم بە شەراب"

گەر بيٚت و خويٚندنەوەيەكي جددي بۆ ويٚنە لەو ديوانەدا بكەين، بيٚگومان پيٚويستمان بە نووسينيٚكي تايبەت دەبيٚ، چونكە قورسايي يەكەمي ئەو ديوانە بە بۆچووني من دراوەتە ويٚنەي پڕچڕي شيعري.. يەكيٚ لە ديارترين حاٚلەتي ويٚنەكانيش ئەوەيە كە زوو زوو لەوەرچەرخاندان و گۆڕانيٚكي بەردەواميان پيٚوە ديارە.. هەر بۆيە چڕكردنەوەو كۆمكردني يەكيٚتي واتاو يەكيٚتي بابەت گەليٚ جار لە جەستەي دەقە بچووكەكاني نيٚو ئەو تيٚكستە گەورەيەدا كە "خودي ديوانەكە خۆيەتي" ديار ناكەويٚ.

بە كورتي ئەوەي ليٚرەدا ويستم هەٚلوەستەي لەسەر بكەم ئەوەيە:

"ديوانيٚكە پڕە لە ويٚنەي گۆڕدراوي جۆراوجۆر، كە هەنديٚ لەو ويٚنە فۆتۆگرافيي و بزۆزانە خويٚنەر تووشي هەٚلوەستەو لەززەت چەشتن دەكەن".

## تێمە ـ هەڵزان و وەرچەخان

یەك تێمەیي كارەساتێكە كە شاعیران تووشي بازنەگیري دەكا.. وا لە شاعیر دەكا بە لێواري بازنەیەكدا بۆ هەمیشەیي خول بخواو نەتوانێ هەنگاو بەرەو روئیاو تێڕامان بۆ حاڵەتەكاني چاخ ببا.. دیارە دووبارە بوونەوەي تێمەیەك لاي شاعیرێكي دیاریكراو لە دیوانێكدا، خوێنەر دەگەیەنێتە بنبەستێكي راستەقینە كە بەهیچ شێوەو شێوازێك ناتوانێ چێژي جیاجیا لە دیوانێكي دەستنیشانكراودا ببینێ، بەداخەوە كاركردن لەنێو تەنها تێمەیەكدا لاي زۆر لەشاعیراني هەشتاكاندا بۆتە دیاردە، بەڵام خۆشبەختانە لە دیواني "چوارشەممەیەك دەمكوژێ" هەست بەو حاڵەتي وەرچەرخاني تێمەیە دەكرێ كە پێویستە لە بنەڕەتدا لەهەر دیوانێكدا بكرێ.. لەسەرەتاو دەستپێكي ئەو دیوانەدا، شەڕو ئاڵۆزكاویەكاني رۆحي مرۆڤ لەبەر جەنگێكي بێ بەهاو حاڵەتە نێگەتیڤەكاني جەنگ كە كار لە وێرانكردني ئێستەتیك دەكەن، تا شیعرەكاني دواي ساڵي 1997 بەشتێكي بەرچاو پانتایي شیعرەكاني داگیركردووە.. دواتر حاڵەتي نامۆبووني دواي جەنگ و كاریگەریە جێماوەكاني دەبێتە تێمەیەك و گومان لە شتەكان دروست دەكاو ئیش لەنێو زاكیرەیەك دەكا كە منداڵي تێیدا سوڵتانەو تا لە كۆتاییەكاني دیوانەكە دەگاتە ئەوەي خۆیي و عیشقێكي راستەقینەو جوانیەكان بنووسێتەوە.. ئەوە جگە لە گەلێك بابەتي تري پەراوێزي كە هەر یەكەو بەشێكیان لە تێكستێكدا یا لەنێو چەند تێكستدا بەركەوتووە.. گەر بێت و تێڕوانینمان بۆ ئەو بەشە كورت بكەینەوە، دەبێ بڵێین: "هەڵزنانێكي وردو هێور هەیە لە تێمە، لەو دیوانەدا، كە ئەوەشیان پێویستە لە هەموو دیوانێكدا هەبێ، خۆ گۆڕیني تێمەش لەدیوانێكدا یەكێكە لەو حاڵەت و خاسیەتانەي كە زیندەگیي و هەناسە دەدەن بە دیوان".

## بەهرە ــ نامەئلوفیەت

لەکۆن و ئێستاو لەداهاتووشدا، پێکهاتەي ناوەوەي کەسي بەرهەمێن "شاعیر" بە هەرە سەرەکیترین رەگەزي شیعري دەژمێردرێ. قسەکردن لەسەر بەهرە وەکو ئەوە وایە قسە لەسەر خودا بکەي، هەزارەها پێناسي بۆ کراوەو هیچ پێناسەیەکیشي بۆ ناکرێ!

بەهەر حاڵ ئەو شتەي کە ناوي نراوە بەهرە، حاڵەتێکي نائاسایيەو بە خۆڕسکي لەناو مرۆڤدا چەکەرە دەکاو لەکاتێکدا بێ ئەوەي پرس بە کەسي بەهرەدار بکا، وەکو بورکان سوور هەڵدەگەڕێ و دەتەقێتەوە.. تەقینەوەي بورکان ریڕەوێکي تایبەتي نییە، بەڵکو بەهەمو لاکاندا پەرش دەبێ و جۆرێك لە نامەئلوفیەت دێنێتە کایەوە.. کەوابێ بۆ شاعیر زەحمەترین شت ئەوەیە کە بڕیار بدا، بە چ ریڕەو و رەوتێکدا هەنگاوەکاني سەد دەر سەد دەهاوێژێ.. بەڵگەم بۆ ئەو قسانە لێکچووني هەندێ لە شیعرەکاني شاعیرێکي سوریالیست و کلاسیزم، یا رۆمانسي و ئەبستراکت، یا دادایي و پۆست مۆدێرنە.. زۆرجار جۆرێك لە لێکچووني تەواو لەنێواني شیعرێکي مۆدێرني ئەوروپي و شیعرێکي کلاسیکي کوردي دەبیني، یاخود بە پێچەوانەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا جارە جارە کارکردن بەیەك ستایل جۆرێك لە تایبەتمەندیەتي دێنێتە کایەوە.. کە ئەوەشیان دواتر ناوي گروپێکي تایبەت یا ریبازێکي ئەدەبي تایبەتي بەسەردا دەبڕدرێ.

بێکەسي شاعیر بە پەرشي رۆیشتیە، هەندێ جار جۆرێك لە نامەئلوفیەتێکي جواني دروستکردوە "رووبارێکي وشك و چیایێکي رووت" بە بۆچووني من دروستکردني ئەو نامەئلوفیەتە لەنێواني "رووبارو وشکیەتي" وێنەیەکي تا بڵێي چێژبەخشي ئەوروپیانەمان پێدەبەخشێ، من بەو دوو وشەیە کۆپلە شیعرێکي شاعیري نەمساوي "ئێریش فرید"م دێتەوە یاد کە دەڵێ: لەژێر گۆچان و بەردەکاندا

بەسەر دەریایەکي وشکدا

لەنێوان پێکەنین و گریاندا

لێرەوە بۆ ئەویێ .. تاد.

بەڵام چونکە هیچ مەرامێك لەدواي ئەو دێڕە شیعرەي کاك بێکەسي شاعیردا. نییە، هەوڵي نەداوە بە بەردەوامي ئەو نامەئلوفیەتە بخوڵقێنێ، هەر لەبەشي دووەمي ئەو رستەیەدا نامەئلوفیەت وەردەچەرخێنێتەوە بۆ حاڵەتێکي مەئلوفي ئاسایي "رووبارێکي وشك و چیایەکي رووت"، لام وایە ئەگەر لەجێي چیاي رووت، "ئەستێرەي تاریك، یا چیاي نەرم.. تاد" دانابووایە رستەکە بەرەو "جوانترین" دەچوو.

ئەگەر نموونەي ئەو جۆرە حاڵەتانە بێنینەوە بێگومان زۆرن..

"نوقمي رووبارەکان بووم، ئەو رووبارانەي

سەرەتایان لێرە دەست پێدەکاو

کۆتایشیان لەوێ

ئاویان لێرەو خنکانیان لەوێ"

لە هەندێ شوێنیتردا، نامەئلوفیەتێکي سوریالیانەي خوڵقاندووە کە ئەوانیش جێگاي باسن و جوانیەکیان داوە بە دیوانەکە "دزان.. شەوگەڕان لە کوني کلیلەوە وەژوور دەکەون"

"باراني سەر بەکلاَو بەرك دایکرد

مەمکي جۆگەلەکاني پڕ شیر کرد"

"ناتوانم تێر لە رەشبەڵەکي مردووەکان رامێنێم".. تاد

بە کورتي ویستم لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە "بەهرە" بورکانەو بە هەموو لاکان وا بەبێ پرۆگرام و بڕیارو ژمێریاري پەرش و پەخشان دەبێ، دیارە بێکەسي شاعیریش بەشێکي باشي لێبەرکەوتووە.

-6-

## میتۆلۆژیاو حیکمەت

کارکردن لەنێو میتۆلۆژیاو هێنانە نێو شیعرو خواستنی کارێکی لەمێژینەیەو زۆرێـك لـە شـیعران کاریـان تێدا کردووە، لەدیوانی "چوارشەممەیەك دەمکوژێ"ش لەو بوارەدا کارکراوە.. کۆمەڵێ ئەفسانەو چـیرۆکی ئایینی و تاد خواستراوە بۆ مەرامێك، یاخود بۆ جوانترکردنی دەقەکە کە ئەوەشـیان هـەر مـەرام و مـەراقی خودی شاعیر دەپێکێ.. لەزۆر لەشیعرەکاندا پەنابراوەتەوە بەر ئادەم و حەواو نوح و .. تاد.

"مرۆڤ وەك رەوە کۆترێك

هاتنەوە ناو زەمین"

لەگەڵ خواستنی میتۆلۆژیاو سەر لەنۆژەن دارشتنەوەی، جۆرێك لە هەڵدانی قسەی حیکمـەت ئـامێز دەرك پێـدەکرێ؟ بەشـێکی زۆر لەئێـستەتیك و رۆحیـان تێدایـە.. دیـارە چـەکەرەکردن و چـرۆکردنی ئـەو حاڵەتانەیش بە ئازمایش خودی شاعیرەوە پەیوەستە..

"گریـانی عاشـق چ گـۆرانێکی کۆنـە؟" "تەمـەن دەڕوات، یادگـار دەمێنێـت" دیـارە لێـرەدا روانینێکـی فەلسەفیانەش بەدی دەکرێ وەکو ئەوەی کە لە زۆر شوێنیتری ئەو دیوانـەدا، رسـتەی جیاجیـای فەلـسەفی هەڵدەدرێ کە هەڵقوولاوی فەلسەفەو دنیابینی خودی شاعیرن..

-7-

## هەناسە چیرۆك ئامێزەکان

یـەکێ لـە خاسـیەتەکانی تـری تێکـستەکانی نێـو ئـەو دیوانـە، یـاخود بەشـێکی تێکـستەکانی ئـەو دیوانـە "سەردەم".. بەتایبەتیش لە دەستپێکی شیعرەکەدا.. لێرەدا شاعیر هەوڵدەدا لەرێگای هەڵکردنەوەی فیلمـی

زاكيرەدا، يا لەرێگەي خوڵقاندني هەناسەيەكي چيرۆك ئامێزدا، پانتاييێ بۆ خۆشكردني زەمينەيەك بهێڵتەوە كە خوێنەر بۆ نێو دنياي تێكستەكە بەكێش بكا..

"ئێوارانێك

سوورايي خۆرئاوابوون دەگەڵ

پانتايي خۆێنيني ئەم دەڤەرە خەريكي تێكەڵبوون بوو

... تا"

زۆر جاران دەستپێكي ئاوا، شێوەيەك لە دراما دێنێتە ئاراوە كەوا لە خوێنەر دەكا بەدواي هەڵزنان و دابەزيني ئەو حاڵەتە دراماتيكيەدا بگەڕێ.. ئەوەش لايەنێكي تري پۆزەتيڤە لەو ديوانەدا.

-8-

## تێكستێكي بچووك

## كورتكراوەي تێكستي گەورە "ديوان"

زۆرجار كە ديوانێكي كوردي لە (A - Z) دەخوێنيتەوە، هەست دەكەي تۆ تێكستێكي درێژكراوە دەخوێنێتەوە.. ياخود كە تێكستێكي كورتي نێو ديوانێك دەخوێنيتەوە، هەست دەكەي ئيدي پێويست بە تێكستەكاني تري ئەو ديوانە نييە، چونكە بە يەك شێوازو بە يەك لێكسيكۆن و يەك بابەت و يەك فەرهەنگ و يەك رۆح و يەك دڵ نووسراوە.. بەداخەوە لەو ديوانەدا بە سستي كار بۆ ئەو حاڵەتەكراوە، ئەگەرچي لەشيعرەكاني كۆتايي ديوانەكەدا، هەوڵ دراوە، شيعرەكان چڕترو كورتترين و لەزۆر واتايي و وێنە پچڕ پچڕەكانەوە خۆي دەرباز بكا "كە سيماي هەرە سەرەكي شيعري هەشتاكانە" بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستكردن بە وەرچەرخان لەشێوازدا بە سستي پرۆسيسەكراوە.. بۆيە لێرەدا دەمەوێ ئەو

دەساڵەي شيعري "بێکەس حەمەد قادر" بەتـەنها قۆنـاغێکي شـيعري خـۆي نـاو بنـێم و هيواخـوازم، دواي بلاّوبوونەوەي ئەو ديوانە ئيـدي، قۆناغێکي نوێي شاعير دەست پێبکا، کە لەو ديوانـەي نەچـێ.. بێگومـان ئەو ديوانە دەبێتە يەکێ لە ديوانە بەرچاوەکاني نـەوەي دواي نۆهەتـەکان و پێويـستي بـە خوێندنەوەيـەکي جددي دەبێ..

-9-

## کۆتايي

ديوانێکي جوان، هەروا بەخۆڕايي نايێتە نووسين، بێگومـان شـەونخونيي و شـەوێن و هيلاکيـي و خـەوني ويـستووە، من لێرەدا دەستخۆشيـەکي گەرم لە براي شاعيرم کاك "بێکەس حەمەد قادر" دەکەم و دەرگا بـۆ خوێنەر خۆي ئاوالاّ دەکەم، کە خۆي بڕواتە نێـو ئەتمۆسـفێري دەقـەکان و خوێندنـەوە جدديـەکاني خـۆي بکا..

من لێرەداو لەو بەشانەي سەرەوە هەوڵمداوە تەنيا لە گشتييەتي بابەتەکان بـدوێم، بێگومـان گـەر بێـت و رۆچـين و بـەدواي وردەکاريـيـەکاني نێـو ئـەو ديوانـەدا بگـەڕێين، پێويـستمان بـە هەڵوەسـتەي زيـاتر و خوێنـەوەي وردبينيانـەترو زيـاتر دەبـێ، جـا هەڵکرانـدني نهـێني و ئێـستەتيکي شـاراوەو .. تـاد بـۆ ئێـوە دەمێنێتەوە، ئەي خوێنەري لەززەتمەند.